# لەكوێی سەرۆك؟

**عەزیز ڕەئووف**
azizrauf2003@yahoo.com



**لەكاتی سەفەركردنتدا، پارچەكاغەزێك لەناو جانتای پارەكەتدا دابنێ كە هەموو ناونیشان و تایبەتمەندیەكانی تیابێ**

**براون جاكسۆن**

سەركردەكان كە كوڕی گەڕەكەكانی خۆمانن، بەڵام نایانەوێت وەك ئێمە بژین. ئەوان دەیانەوێت بەجۆرێكی تر لە كۆمەڵگەدا ڕەفتار بكەن كە جیاواز بێت لە ڕەفتاری خەڵكی ئاسایی. سەرباری ئەوەی سەركردەكان دەیانەوێت كۆشكەكانیان لە خانووی خەڵكی ئاسایی جیاواز بێت، دێن لەدەرەوەی شار، یاخود لە شوێنێكی بەرز كۆشكەكانیان دروست دەكەن، بەمەش بەو مانایە دێت كە ئەوان دەیانەوێت پێمان بڵێن كە ئێمە مەخلوقێكی جیاوازترین لە ئێوە، یاخود نایانەوێت لە نهێنی ژیانیان تێبگەین، بۆ ئەوەی نەكا لە پیرۆزیان كەم بێتەوە، چونكە خەسڵەتێكی سەرەكی سەركردەكانمان ئەوەیە كە ئەوان دەیانەوێت بە جۆرێكی تر خۆیانمان پیشان بدەن جیاواز لە مرۆڤی ئاسایی. بەو پێیەی گەر تێبگەین ئەوانیش مرۆڤی ئاساین، ئیدی ڕەنگە بوونیان هێندە پیرۆز نەبێت و وەك مرۆڤێكی ئاسایی تێیان بڕوانین. بۆ نمونە كەسمان نەمانبینیوە سەركردەكانی ئێمە وەك سەركردەكانی تری جیهان پاسكیل لێبخوڕن، كەس سەركردەیەكی ئێمەی نەبینیوە لە ئاهەنگێكدا هەڵپەڕێت. بەكورتی ئەوان مەخلوقێكی تەواو جیاوازترن لە ئێمە.

ئەو دیاردەیەی سەركردەكان كە ئاشكراو ڕوون بوو سەفەرەكانیان بوو، هەمووومان دەمانزانی سەرۆك سەفەر بۆ كوێ دەكات، كێی لەگەڵدایە و چاوی بە كێ دەكەوێت. دەبوو لەگەڵ سەرۆكدا پەیامنێری كەناڵی ئاسمانی حزب و دنیایەك كامێرامان و پاسەوانی تایبەتی هاوەڵی سەروك بن. شەفافترین كارێك كە سەرۆك دەیكرد سەفەركردن بوو كە هەرگیز لە ئێمەی نەدەشاردەوە. بەڵام ئەمجارە دوای سەفەرەكەی سەرۆك ئیدی نهێنی سەفەرەكانیشی لێمان شاردەوە. سەرۆك ئەمجارە بە دەستی بەتاڵ دەڕوات و كەس لە فڕۆكەخانە بەڕێی ناكات و هیچ بەرپرسێكیشی لەگەڵدا نیە. ئەو دەڕوات و پێشمان ناڵێت بەرەو كوێ دەڕوات. ئیدی لەم سەفەرەیدا هیچ كەناڵێكی ئاسمانی كوردی سەفەرەكەی بە گرنگ و چارەنوسساز وەسف ناكات. سەرۆك لە بارەگای هیچ پارتێكی سیاسی و لە باڵیۆزخانەی هیچ وڵاتێكیش بەدی ناكرێت. سەرۆك ئەمجارە نابینرێت لەگەڵ هیچ سەركردەیەكی گەورەی وڵاتاندا تەوقە بكات و ڕۆژنامەنوسان پرسیاری ئاراستە بكەن و وێنەی بگرن.

سەرۆك لەكوێیە؟ ئەمە سەرەكیترین پرسیاری شەقامی كوردیە لە چركەساتی ئیستەماندا. كەسمان نازانین لەودیو دیواری كۆشكەكانی سەرۆكەوە چی دەگوزەرێت. تەنانەت لە زۆرێك لە بڕیارە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووریەكاندا كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چارەنوسی ژیانی ئێمەوە هەیە و هەرگیز پرسیاریان لەبارەوە ناكەین، كەچی ئیستا پەرۆشین بۆ ئەوەی بزانین جەستەی سەرۆك لەكوێیە. هەموومان دەزانین كە سەرۆك هەرگیز بە جەستە لەناوماندا نەبووە. هەموومان دەزانین كە سەرۆك لەجیاتی هەموومان بڕیار دەدات. هەموومان دەزانین جەنابی سەرۆك هەرگیز لای گرنگ نیە ئێمە لە بڕیارە سیاسیەكاندا بەشدار بین، چونكە بەڕێزی لەجیاتی هەموومان سیاسەت دەكات و لە هەمووشمان حەكیمتر و وردبینتر و شارەزاترە.

دۆخی دوای ڕاپەڕین دۆخێكە تەواو لەبارە بۆ پیرۆزڕاگرتنی جەستەی سەركردە. لە شازدەساڵی ڕابردوودا زۆر بەسانایی هەست بەو ڕاستیە دەكەین كە سەركردەكان هەمیشە لە خۆمان پیرۆزتربوون. ڕەنگە هێندەی لە هۆڵەكاندا چەپڵەمان بۆ سەركردەكان لێدابێت، نیو ئەوەندە لە پیرۆزیەكانی ڕۆحی خۆمان نەڕوانیبێت.

ئەزموونی شازدەساڵی دەسەڵاتی کوردی لێوانلێوە لە شاردنەوەی نهێنیەکان. لە بڕیارە سیاسیەکانەوە بگرە بۆ پرۆتۆکۆڵی ئاشتی هێز و گروهەکان، لە پەیوەندیە دبلۆماسیەکانەوە بگرە بۆ بڕیاری شەڕە خوێناویەکان، نەوەی ئێمە دوور و نزیک ئاگادار نەبووە و هەمیشە نهێنییەکانی لێ شاردراوەتەوە. نەوەیەك نیە بارتەقای نەوەگەلی دوای ڕاپەڕینی ئێمە کە دوور و نزیك پەیوەندی بە بڕیارە سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەوە نەبێت. سەرباری ئەوەش سەرکردە سەفەرە دوورو درێژەکانی خۆیمان لێدەشارێتەوە، ئەمەش لە چرکەساتێکی ناسکدا کە زلهێزەکانی ناوچەکە بە لەشکرە زەبلاحەکانیانەوە لە چاوەڕێی سەعاتی سفری دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنەکاندان.

سەرۆك لەکوێیە؟ دوای ئەم هەموو پرسیار و گومان و تێڕامان و پروپاگەندەیە لە شەقامی کوردیدا، ئایا سەرۆك ناتوانێت بۆ چرکەیەك لە کەناڵێکی ئاسمانیەوە خۆیمان پیشان بدات؟ ئایا سەرۆك ناتوانێت بە تەلەفۆنێك لەگەڵ یەکێك لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دوو وشە بدرکێنێت و گومانەکان بڕەوێنێتەوە؟ ئێمە کۆکین لەوەی کە سەرۆك زۆر شتمان لێدەشارێتەوە، بەڵام سەیرە سەرۆك نیاز و مەبەستی سەفەرێکیمان لێبشارێتەوە و پێمان نەڵێت ئیستا لە کوێیە. گەر سەرۆك بۆ هەر مەبەستێکی تایبەتی سەفەری کردبێت، خۆ دواجار هەر دەزانین بۆ سەفەری کردووە. چ حیکمەتێك لە شاردنەوەی نهێنی سەرفەرەکەی سەرۆکدا هەیە، تەنها ئەوە نەبێت کە بیەوێت بە جۆرێکی تر سەفەر بکات جیاواز لەسەفەرەکانی ئێمە.